# یەکگرتووی ئیسلامی، قەیرانی دەسەڵات لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا، قەیرانی ناسنامەی نەتەوەیی لەگەڵ گەلی کوردا !

دکتور فایق محەمەد گوڵپی

ئامانج و کارەکتەری سەرەکی سیاسەت لە باشوری کوردستاندا، شێوازی وەرگرتنی دەسەڵاتە و کارکردنە بۆ ئەوەی بۆ درێژترین کات، ئەو دەسەڵاتە لە دەستدا بمێنێتەوە و زۆرترین قازانجی هەمەجۆری لێبکرێت. بەرژەوەندی گەل و نەتەوە، پێوانەکانی مافی مرۆڤ، بنەماکانی سیستەمی دیمۆکراسی، ماف و ئازادیەکانی ژن، کۆمەڵە چەمکێکی سیاسین لە خزمەتی وەرگرتنی دەسەلات و بەردەوامکردنیدا لە لایەن حزبە سیاسیەکانی باشورەوە بەکاردەهێنرێن.

ئەگەرچی ماوەی نۆ ساڵە پارتی و یەکێتی شەڕی خوێناوی دەسەڵاتیان ڕاگرتووە، بەڵام بە ئاشکرا و بە نهێنی بە شێوازی سیاسی و ئابوری، ئەم شەڕەیان بەردەوامە، هەر یەکە لە بەرنامەی نهێنی خۆیدا ئامادەکاری بۆ ئەوە دەکات، بە شێوازێك بەرامبەرەکەی ببەزێنێ و هەموو دەسەڵاتی باشوری کوردستان لە سەر خۆی تاپۆ بکات.

لە دوای راپەڕین و ئازادبوونی بەشێکی زۆری خاکی باشوری کوردستان، چەند حزبێکی سیاسی دامەزران و دەرکەوتن، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان یەك لەو حزبانەیە کە لە چاو حزبەکانی تری دوای راپەرین، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە گەشەی کرد و وەك رکەبەرێکی هەردوو حزبی دەسەڵاتداری باشوری کوردستان خۆی نیشاندا . هۆکاری گەشەکردنەکەی هەمەجۆرە، هۆکاری یەکەم ئەوەیە کە بنەمای ئایدۆلۆژی ئەم حزبە، ئاینی ئیسلامە، گەلی کوردیش لەگەڵ رۆشنبیری و کلتوری ئاینی ئیسلامدا راهاتووە، ڕێکخستن و سیاسەت بە فکری ئیسلام، لە چوارچێوەی حزبێکی سیاسیدا، لە ناو گەلی کوردا کارێکی ئاسانە. هۆکارێکی تری گەشەکردنی یەکگرتووی ئیسلامی ئەوەبوو، لە سەرەتای دامەزرادنیدا تا ئەمڕۆش، خۆی وەك حزبێکی ئاشتیخواز ناساند و میلیشیای درووست نەکرد، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هێزی میلیشیا لەبەر چاوی خەڵك کەوتبو و ئەو ڕێزەی جارانی نەمابوو. هۆکارێکی تری زوو گەشەکردنی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە، کە سەرچاوەی دارایی حزبی ناوبراو، لە دەستی حکومەتی هەرێم و حزبە دەسەڵاتدارەکانی باشوری کوردستاندا نیە و ئابوریەکی سەربەخۆی هەیە. لەبەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە، لەم کاتانەدا یەکگرتووی ئیسلامی لە باشوری کوردستاندا خاوەنی بنکەیەکی جەماوەری باشە و ژمارەیەکی زۆر ئەندام و کادری چالاکی هەیە. ئەم راستیە وای کردووە کە دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی باشوری کوردستان(پارتی و یەکێتی) بەردەوام بە چاوی گومانەوە سەیری یەکگرتووی ئیسلامی بکەن و ترسی ئەوەیان هەبێت، رۆژێك لە رۆژان یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەسەڵاتیان لە دەست وەربگرێت. بۆیە یەك لە کارە سەرەکیەکانی پارتی و یەکێتی ئەوەیە، ڕێگە نەدەن یەکگرتووی ئیسلامی لە سنوری خۆی زیاتر گەشەبکات و مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی ئەوان درووستبکات. پارتی و یەکێتی ئەگەر لە سەر زۆر بابەتی سیاسی و ستراتیجی تەبا نەبن، لە سەر سیاسەتی سنوردانان بۆ گەشەکردنی یەکگرتووی ئیسلامی تەباو گونجاون، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەشیان پەنا بۆ شێوازی هەمەجۆر دەبەن، لە لایەکەوە هەوڵئەدەن لە هاوپەیمانی سیاسی و ئیداری عراق و کوردستاندا لەگەڵ یەکگرتوو رێکبکەون، بۆ ئەوەی چاودێری کارەکانی بکەن و سنور بۆ چالاکیەکانی دابنێن، لە لایەکی ترەوە لە دەرەوەی ئەم هاوپەیمانێتیەدا یەکگرتووی ئیسلامی لە ژێر چاودێری هەردوو حزبی دەسەڵاتدردایە و لە کاتی هەستیاردا  هێرشی سیاسی و جەماوەری لە دژی ئەنجام دەدەن.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005 دا، هێرشێکی سیاسی و جەماوەری و سەربازی دژی بنکە و بارەگاو بەرپرسەکانی یەکگرتووی ئیسلامی لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر و سلێمانی ئەنجامدرا، لەم رۆژانەشدا هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لە ژێر سێبەری هەڵەیەکی زەقی سیاسی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیدا، هێرشێکی سیاسی تۆکمەیان لە دژی یەکگرتوو ئەنجام

داوه و کەمێك بنکەی جەماوەریان لاوازکردووە.

هێرشکردن بۆ سەر یەکگرتووی ئیسلامی لە لایەن حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانەوە، بۆتە دیاردە و کارێکی ئاسانە و سزای لە سەر نیە، پشتیوانیکردنی جەماوەری گەلی کوردستان لە حزبە دەسەڵاتدارەکان بۆ ئەم جۆرە هێرشانەش کارێکی ئاساییە. بە بۆچونی من هۆکاری ئەم دیاردەیە، کە یەکگرتوو بە ئاسانی بەر هێرشی دەسەڵات و جەماوەر ئەکەوێت، بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە وا یەکگرتووی ئیسلامی لە ڕووی ستراتیجەوە، بابەتی ئاین و مەزهەب لە بابەتی کێشەی نەتەوەیی گەلی کوردستان بە گرنگتر وەردەگرێت، بە پێچەوانەی حزبە ئیسلامیەکانی عەرەب و تورك و فارس، کە ئاینی ئیسلام و جولانەوەی ئیسلامی سیاسی بۆ بەهێزکردنی دەسکەوتی نەتەوەیی خۆیان بەکاردەهێنن، یەکگرتووی ئیسلامی، کێشەی کورد وەك کالایەك بۆ وەرگرتنی دەسکەوتی دەسەڵاتخوازی و ئاینی و مەزهەبی بەکاردەهێنێ، ئەو پەیوەندیانەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتە سوننە مەزهەبی و حزبە سوننە مەزهەبیەکانی عراق و تورکیا و وڵاتانی تری عەرەبدا هەیەتی، فراوانتر و بەهێزترن لەو پەیوەندیانەی کە یەکگرتوو، لەگەڵ حزبە کوردستانیەکانی باشور و باکور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستاندا هەیەتی، ئامادەبوونی یەکگرتووی ئیسلامی لە کۆبوونەوەی رۆژی 29-4-2007 قاهیرە لە سەر بانگهێشتی کۆمەڵێك حزب و وڵاتی دەوروبەر کە خاڵی  هاوبەشی سەرەکیان سوننە مەزهەبیە، راستی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ. راستە گەلی کورد گەلێکی موسڵمانە و زۆرینەشی سوننە مەزهەبە، بەڵام ئەو چەوسانەوە دوورو درێژەی کە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستان و هاوپەیمانەکانیانەوە بە سەرکوردا سەپێنراوە، چەوسانەوەیەکی نەتەوەییە، نەك چەوسانەوەیەکی ئاینی و مەزهەبی، کێشەی گەلی کورد کێشەیەکی نەتەوەییە، کێشەیەکی ئاینی و مەزهەبی نیە، قوربانی و تێکۆشانی گەلی کوردیش بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوەیی و وەرگرتنی مافە نەتەوەیەکانی بووە. ئەوی لە ستراتیج وسیاسەتی یەکگرتووی ئیسلامیدا بەدی دەکرێت، ئەو ناکۆکیەیە کە لە نێوان بەرنامە و کاری یەکگرتووی ئیسلامی و ئاوات و ئامانجە سەرەکیەکانی گەلی کوردا هەیە، بۆیە  هەر کە حزبە دەسەڵاتدارەکانی باشور بیانەوێت هێرشی دەسەڵاتخوازی بکەنە سەر یەکگرتووی ئیسلامی، ئەم خاڵە لاوازەی یەکگرتوی ئیسلامی دەگرن و جەماوەری کوردستانی لە دژ هاندەدەن و سەرکەوتن بە دەست دەهێنن.

خاڵێکی تری لاوازی یەکگرتووی ئیسلامی، هەڵوێستی لە رادەبەدەری سازشکاری و خۆبەدەستەوەدەری سەرکردایەتی ئەو حزبەیە، راستە یەکگرتووی ئیسلامی ژمارەیەکی زۆر ئەندام و کادری چالاکی هەیە، لە باشووری کوردستاندا بنەکەیەکی جەماوەری هەیە، بەڵام ئەو ستافەی سەرکردایەتی ئەم ئەندام و کادر و جەماوەرە دەکات، تا بڵێیت ستافێکی لاوازە، بەرامبەر بە کێشەکان توانای بەرخودانی نیە و زوو تەنگەنەفەس دەبێ، لە رووداوەکانی پێش هەڵبژاردنی 2005 لە شاری دهۆك، کە یەکگرتوو زیانێکی گیانی و مادی تێداکرد، جەماوەری کوردستان و رۆشنبیرانی ئیسلامی و سکۆلار، چەندان حزبی سیاسی و هێزی نێونەتەوەیی، پشتیوانیان لە یەکگرتووی ئیسلامی کرد، بەڵام سەرکردایەتی ئەم حزبە بە هەڵوێستە شەرماوی و لەرزۆکەکانی لە بەرامبەر دەسەڵاتی باشوردا، نەك هەر سوودی لەو رووداوە بۆ قایمکردنی پێگەی سیاسی و جەماوەری خۆی وەرنەگرت، بە پێچەوانەوە لە بەرامبەر ئەو جۆرە سیاسەتە سازشکارانەی سەرکردایەتی یەکگرتودا، زۆر کەس و لایەن لە هەڵوێستی پشتگیری و هاوسۆزی خۆیان بۆ یەکگرتووی ئیسلامی، پەشیمان بوونەوە و یەکگرتوی ئیسلامی زیانی هەمەجۆری کرد.

سەرکردایەتی یەکگرتوو نەك هەر توانای بەرخودانی لاوازە و ئامادە نیە دوو مانگ لە سەر یەك پێوەندی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی باشوری کوردستاندا  هەڵپەسێرێت، ناشتوانێ لە هەڵەی سیاسی و ستراتیجیش خۆی بپارێزێت، لە هاوینی ساڵی 2006 دا، دەنگۆیەك بڵاوکرایەوە کە کادر و ئەندامانی یەکگرتووی ئیسلامی شانبەشانی میلیشیاکانی حزبی خوای حەسەن نەسرولا، لە لوبنان دژی هێزەکانی ئیسرائیل شەڕیان کردووە، خۆپاراستنی یەکگرتووی ئیسلامی بەرامبەر بەو تاونبارکردنە زۆر لاوازبوو. هەڵەی سیاسی ئەم دواییەی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی، بە بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی 29-4-2007 ی (قاهیرە)دا، کە پیاوانی کۆنی رژێم و بەرەی تورکمانی و بەعسیەکانی تێدا ئامادەبوون، نرخ دانەنان و بێ رێزی

بوو بۆ بەها نەتەوەیەکانی گەلی کورد، ئەو تەوەرانەشی کە لە کۆبوونەوەکەدا باسکراون و یەکگرتووی ئیسلامی ئیمزای کردوون، هیچ پێوەندیەکیان بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد وجێبەجێکردنی مادەی 140 و سیستەمی فیدراڵی ودیموکراتیزەکردنی عراق و کۆردستانەوە نەبووە، کە بابەتگەلێکن بەرنامە و کاری سیاسی ئەمڕۆی گەلی کوردستان پێکدەهێنن و گەلی کورد تێکۆشانیان بۆ دەکات. ئەو تەوەرانەی لە کۆبوونەوەی قاهیرەدا باسکراون، پێوەندیان بە عراقی عەرەبی ئیسلامی و دەوڵەتی ناوەندگەرایی عراقەوە بووە،کە گەلی کوردیش دژی ئەم جۆرە تەوەرانە خەبات دەکات. ئەمەش بەو واتایە دێت کە سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی ستراتیجی راست داناڕێژێت و دیاردە سیاسیەکان باش ناخوێنێتەوە و زوو هەڵەی سیاسی دەکات. ئەم هەڵە سیاسیەی دوایی سەرکردایەتی یەکگرتوو، لێدانێکی ئازاربەخش بوو بە نەزانی، بە حزبەکەی خۆیان و بە دیاردەی ئازادی رادەربرینی کوردستانیان گەیاند، دیاریەکی گەورەی دەسەڵاتخوازی و سیاسیش بوو بە پارتی و یەکێتیان بەخشی.

ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی بیەوێت وەك حزبێکی چالاکی کوردستانی لە تێکۆشاندا بەردەوام بێت، جێپەنجەی لە چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردستاندا دیاربێت، ئەبێ لە بواری ستڕایجیدا گۆڕرانکاری ئەنجام بدات، ئەبێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد سوود لە ئاینی ئیسلام وەربگرێت، نەك لە پێناوی دەسکەوتی مەزهەبی و ئاینیدا سوود لە هەستی نەتەوەیی گەلی کورد وەربگرێت. ئەگەر یەکگرتوو بیەوێت لە ئایندەدا هەڵەی سیاسی نەکات و لە تێکۆشاندا سەرکەوتن بە دەست بێنێت، پێویستە چاوێك بە پێکهاتەی سەرکردایەتی خۆیدا بخشێنێتەوە، بڕوا بە سەرکردایەتیەك بدات، روحی بەرخۆدان و خوێندنەوەی قووڵی سیاسی و ستڕاتیجی قوناغ، بکاتە کلتوری کار و خەبات.

2007-6-8